بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پاڕلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە ((١٢٤)) ٢ی پووشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ٢٣ی ژوئەنی ٢٠٠٧ی زایینی


## هەڵسەنگاندنی پەروەندی ئەتومی رژیمی ئاخوندی لەلایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیەوە

رۆژی دووشەممە ٢١ی جۆزەردان دانیشیتی ئەنجومەنی حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەستی پێ کردەوەکە هەڵسەنگاندنی پەروەندەی ئەتۆمی رژیمی ئاخوندی گرینگترین بابەتی ئەم دانیشتنە بوو.

بە پێی دوایین ڕاپۆرتی محمد البرادعی بەرێوەبەری گشتی ئاژانس کە بە شێوەی هاوکات خرایە بەردەم ئەنجومەنی حوکامی ئاژانس و ئەنجومەنی ئاسایش، رژیمی ئاخوندی لە جێ بە جێ کردنی داخوازیەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانیۆم خۆی پاراستووە.

## پیرۆز بێ ٢٤مین ساڵرۆژی رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان

لە رۆژ یەکەمی پووشپەڕی ١٣٦٣ی کۆچی خۆری و بەدوای کار و ماندوو بوونێکی چەند مانگەی بەرپرسان و کادرەکانی بەشی راگەیاندنی سازمانی خەبات، دەنگی خەبات ی کوردستان، بەرنامەی تاقی کردنەوەی دەست پێ کرد.

لە هەل و مەرجێکدا کە کوردستان کەوتبوە بەر شالاوی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە شومال، تا جنوب کەوتبوە بەر ئاوری فرۆکە شەڕکەرەکان و تۆپ و تانگ و هەر رۆژە هەواڵێك لە سووتان و وێران کردنی دێ و شوێنی ژیان و شوێنی کاسپی و کاری خەڵك دەدرا و لاوەکان و چین و توێژەکانی کوردەواری دەکەوتنە بەر ئازار و هەڕەشەی هێزە بەکریگێراوەکانی رژیم و شەهید و بریندار دەکران و بێ حوورمەتی بە نامووس و شەرەفی کوردان دەکرا، لەو هەل و مەرجەدا کە رژیمی حەق نەبیست و خۆسەپێنی ویلایەتی فەقێ دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە و ملهۆڕانەی بە سەر ئێراندا سەپاند بوو، هاواری ئازادیخوازی خەڵکی کوردستانی بە هێرشی دڕندانە و زیندانی کردن و ئیعدام و کوشتنی پیاو و ژنی کوردستان وەڵام دەدایەوە. رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان دەست بەکار بوو.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کە رێگەی پڕ سەروەری و شانازی کوردایەتی لە سەر بیر و بۆچوونی تێکڕایی کورد لە کوردستانی، هەڵبژارد بوو، هەر لەو پێناوەشدا لەگەڵ فیداکاری کەم وێنەی پێشمەرگە دلێرەکان و هەڵسوورانی دڵسۆزانەی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕی سازمان توانیبووی جێگە و شوێنی بەرچاوی هەبێ لە بەرەو پێش بردنی شۆڕشی رزگاریخوازانە و ئەو سیاسەتە ئوسوولی و فیداکاریە کەم وێنانەی سازمانی خەبات وای کرد بوو، لەلاییێك رژیمی ملهوڕی ئاخوندی بە بوون و هاتنە مەیدانی نیگەران بێ و لەلاییێکی دیکەوە، چەند لایەنێك بە بێ هۆ، بەربەرەکانی سازمانی خەبات یان دەکرد، کە ئەو هەڵسووکەوتانە زیانی گەیاند بە سازمان و شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستان کە بێ گومان بۆ رووبەروو بونەوە لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە نالەبارە سیاسی و کەند و کۆسپانە زەروور بوو سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بیرو بۆ چوونی لە رێگەی رادوێ، وەك ووتە بێژ و دەرخەری سیاسەتەکانی هەروەها بۆ بڵاو کردنەوەی چالاکیەکانی پێشمەرگە و دەرخستنی سیاسەتە دژی گەلیەکانی رژیمی ئاخوندی بڵاو کاتەوە. کە بە خۆشیەوە لە رۆژی یەکی پووشپەڕدا و یەکەم سەعاتەکانی هاوینی ساڵی ١٣٦٣ی کۆچی خۆری، بە ( ئێرە دەنگی خەبات ی کوردستانی ئێران ) بەرنامەی تاقی کردنەوەی دەستی پێ کرد و لە دوای چەند رۆژ بەرنامە ئاساییەکانیش دەستی پێ کرد و هەر زوو لە شار و دێ و لە هەر ماڵێك، دەنگی خەبات ی کوردستان بیستراو، پێشمەرگە دڵسۆزەکانی سازمانی خەبات ی دڵ خۆش کرد و هومێدیان بە بەرەو سەر چوونی رێبازی پیرۆزی سازمانەکەیان زیاتر بوو.

بێ گومان ٢٤ ساڵ بۆ رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان، مێژوویێکی زۆرە کە رووداو کارەساتی زیانباری تیادا بیندرا بێ. بە داخەوە لە ماوەی ٢٤ ساڵدا دەنگی خەبات ی کوردستانیش، بێ بەش نەبووە لە بێ رێزی و هەڵە و خەیانەتی خائینان و هەل پەرەستان، وەك چۆن، سازمانی خەبات ی کوردستان لەگەڵ نەیاران و ناحەزان بە شۆڕش رووبەروو بۆتەوە، رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستانیش هەم کەوتۆتە بەر پەلامار و پیلانەکان و لە هەمان کاتیشدا بە بەرنامەی بە پێز و پڕ ناوەرۆکی، توانی خۆڕاگرانە رووبەرووی پیلان و بەرنامە خراپەکان بێتەوەو بەردەوام بێ لە کار و هەڵسوورانی تەبلیغی و ئەرکی خۆی بە جێگەیاندووە. هەر چەندە لە ماوەی ٢٤ ساڵ کاری رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان بە هۆی ئەو کەند و کۆسپانە و هێرشە بەردەوامەکانی هێزە بە کرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی، چەند مانگ لە کار کردن ویستاوە بەڵام بە هەوڵ و ماندوو بوونی کادرەکانی رادوێ و دڵسۆزی رێبەرایەتی سازمان، سەر لە نوێ دەستی بە کار کردۆتەوە و توانیویە ئەرکەکانی لە خزمەت بە ڕایگەیاندنی شۆڕشگێڕانە و کوردانە بە جێ بگەیێنێ.

لە بیرەوەری ٢٤ مین ساڵرۆژی دەست بە کار بوونی رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان سڵاو و درووود دەنێرین بۆ ئەو دڵسۆزانەی رۆژانێك لەگەڵ رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستان کاریان کردوەو، ماندوو بوون درود دەنێرین بۆ روحی بەرزەفڕی ئەو شەهیدە تێکۆشەرانەی کە وەك کادری رادوێ رەنجیان داو، بە خوێنی سوور و ئاڵیان رەوایی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیان مۆر کردو، حەقانیەت و دڵسۆزی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان سەلماند.

بەو هومێدەی لە داهاتوویێکی نزیکدا بتواندرێ رادوێ دەنگی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە شێوەییێکی بەهێزتر بەرەوپێش چوونی دەنگی بە گوێگران و هۆگرانی بگەیێنین تا بتوانی دەوری کاریگەرتر و بەرچاوتری بێ لە بەرەوپێش چوونی شۆرشی رەوای سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و بەرانبەر رژیمی خۆ سەپێن و دیکتاتۆری ئاخوندی.

بڕووخێ رژیمی ملهوڕی ویلایەتی فەقێ

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١ی پووشپەڕی ١٣٨٦ی کۆچی خۆری

## هەڕەشەی ئەمریکا لەو شیرکەتە نەوتیانەی کە موعامەلە لەگەڵ رژیمی ئێران دەکەن

بە پێی راگەیەندراوی دەوڵەتی ئەمریکا ئەو شیرکەتانە کە لە پێوەند بە نەوت و گاز لەگەڵ رژیمی ئێران قەرارداد ببەستن، لەگەڵ سزا بەرەورووەبن.

بە پێی یاسای ئابلۆقەکانی ئەمریکا لە دژی رژیمی ئێران ، دەوڵەتی ئەو وەڵاتە دەتوانێت نەتەنیا شیرکەتە ئەمریکاییەکان بەڵکوو هەر شیرکەتێکی نێونەتەوەیی کە لەگەڵ رژیمی ئاخوندی موعامەلەی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن دۆلاری یان هەبێ، سزا بدات. هەڕشەکانی ئەمریکا لە حالێکدایە کە شیرکەتە گەورەکانی ئورووپایی لەوانە شیرکەتی"شێل"ی هولەند،"رێپسول"ی ئیسپانیا و "توتاڵ"ی فەرانسە سەرقاڵی تاوتوێ کردنی قەراردادی چەند میلیارد دۆلاری بۆ پەر پێدانی مەیدانە گازیەکانی ئێرانن.

## لیبرمەن: دەبێ ئەمریکا بۆ هێرش بۆسەر رژیمی ئێران



٢٠ی جۆزەردان لە بەرنامەییێکی تەلەویزیۆنی، سی بی ئێسی CBS ئەمریکا، رژیمی ئێرانی بە ڕاهێنان و بارهێنان و چەکدار کردنی دەستە و تاقمە عێراقیەکان لە ناو خاکی ئێراندا تاوانبار کرد و گووتی: هێرشی سەربازی دەکرێ، لە چوارچێوەی هێرش بۆ ناوخۆی ئێران دا بێ.

بەرپرسانی ئەمریکایی بە بەردەوامی دەست تێدابوونی رژیمی ئێرانیان لە ئاڵۆزیەکانی ناو عێراق راگەیاندوە. سەناتۆر لیبرمەن رایگەیاند: ئەگەر رێوشوێنە ئاشتیخوازەکان بۆ گۆرینی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی رژیمی ئێران نەگاتە ئاکام، دەبێ ئەمریکا هێرشی سەربازی بۆ پاراستنی گیانی سەربازەکانی بگرێتەبەر. ناوبراو رایگەیاندوە، بە پێی زانیارییەکان تا ئێستا نزیك دوو سەد سەربازی ئەمریکایی لە لایەن رژیمی ئێرانەوە کوژراون.

جوزیف لیبرمەن، سناتوری دەست رویشتووی ئەمریکایی دەڵێ وەڵاتەکەی دەبێ ئامادەیی بۆ بەرێوەبردنی هێرشێکی سەربازی لەبەرانبەر رژیمی ئێران بۆ رێگەگرتن لە کوژرانی سەربازانی ئەمریکایی لە عێراق لە بەرنامە دا هەبێ .

جۆزێف لیبرمەن کە لە پشتیوانانی سەرەکی هێرش بۆ سەر عێراق بوو، رۆژی یەکشەممە

## بوومەلەرزەییێك بە هێزی ٥/٩ ریشتێر، خواروی شاری قومی لەرزاند




رۆژی دوو شەممە ٢٩ی جۆزەردان، بوومەلەرزەیێکی بە هێز خوارووی شاری قومی لەرزاند، لەو پێوەندەدا، بەرپرسی ئیدارەی فریاکەوتنی ئێران رایگەیاند تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێك لە سەر کوژرانی خەڵك نەهاتووە، خەسارەتەکانیش تەنیا شکانی شیشەی پەنجەرە و تەقینی دیواری چەند خانوویێك بووە.

لە دوای ئەو بوومەلەرزەیە، دانیشتوانی شاری تاران لە ترسی روودانی بوومەلەرزە ماڵەکانیان بە جێ هێشت و هاتنە خیابانەکان.

ئێران یەکێکە لەو وەڵاتانە کە بوومەلەرزە زۆری لێ دەدا و لە بەفرانباری ساڵی ١٣٨٦ کۆچی نزێك بە ٤٠ هەزار کەس لە شاری بەم بە هۆی بوومەلەرزەییێکی بە هێز کوژران.

شاری تارانیش لە سەر خەتی بوومەلەرزەیە و روودانی بوومەلەرزە لەو شارە دا بۆتە جێی مەترسی خەڵك کە ئەگەر بوومەلەرزەییێکی بە هێز لە تاران بادا، خەسارەتی گیانی و ماڵی بەرچاوی بە دواوە دەبێ.

## پیلانی دەسەڵاتداری ئاخوندی لە دژی سازمانی خەبات ی کوردستان ئێران

هاو نیشتمانە تێکۆشەرەکان!

کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرە دڵسۆزەکانی سازمانی خەبات!

وە ك بە بەردەوامی دەسەڵاتداری رژیمی ئاخوندی پیلانی لە دژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران گیراوە و هەوڵی داوە بە هەر جۆرێك بێ زەربەت لە سازمان بداو زیانی پێ بگەیێنێ.

ئەگەر هەوڵەکانی رژیم بۆ ترۆر کردنی نەیارانی سیاسی لەم چەند ساڵی دوایی دا کەم تر بەرچاوکەوتبێ، بەڵام لە بەرانبەر سازمانی خەبات و بەرپرسانی دا گۆرانی بە سەردا نەهاتووە کە لە ڕابردوودا چەند نمونەیێك لەو پیلانە ترۆریستیانە ئاشکرا بوون، چەندین برنامەی ترۆریستیش سازمان پێی زانیوە بەڵام لە بەر پارێزگاری لە سەرچاوە زانیاریەکان بە پێویستی نازانین دەست نیشانیان بکەین.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی رژیمی ئاخوندی و دەستگا ئەمنیەتیەکانی لە بەرانبەر سازماندا، سیاسەتی پیلان گێڕی بەردەوامە و لە هەوڵی زەربەت لێ دان دان؟ بێ گومان هۆی سەرەکی، سوور بوونی سازمانی خەبات لە سەر بەربەرەکانێی ئەو رژیمە و چالاکیە بەردەوام و نەبڕاوەی لە ناوخۆی کوردستان و هەڵوێستی ئوسووڵی هەر لە سەرەتای پێك هاتنیەوە تا ئێستا لە مەیدانە لە بەرانبەر رژیمدا و چالاکی رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی بووە.

رژیمی ئاخوندی و دەستگا ئەمنیەتیەکانی تەنانەت دڵیان بەوە خۆشە کە لایەنگرێکی سازمانی خەبات لە رێگەی زۆر هێنان بۆ کەس و کار و ترساندنیان یان بە بەڵێنی جۆراوجۆر دەست لە سازمانی خەبات هەڵ گرێ ئەگەریش ناگەرێتەوە بۆ ئێران با لە ریزی سازماندا نەمێنێ.


بۆ لاپەڕەی٣


## رۆژی جیهانی منداڵان پیرۆز بێ

رۆژی ١١ی جۆزەردان رۆژی جیهانی منداڵانە، بەم بۆنەوە گەرم ترین پیرۆزبایی پێش کەش بە منداڵانی کوردستان و ئێران و جیهان دەکەین.

هومێدەوارین منداڵانی کوردستان و ئێران بە رووخانی رژیمی ملهوڕی ئاخوندی و هاتنە دیی ئازادی و دیموکراسی بە ماف و داواکانیان بگەن و لە دەست ستەم و بێ رێزی دەسەڵات دارەکان و سەرپەرستە بێ هەستەکان رزگاریان بێ.

لە کوردستاندا، بە هۆی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتداری ئاخوندیەوە منداڵان ئازار دەکێشین ژمارەییێکی بەرچاویان بە هۆی هەڵس و کەوتی خراپ و توندتیژی گەورەکانیانەوە، لە هەل و مەرجێکی نالەباردان.

بێ گومان بە پێش کەوتن و بەرەو سەرچوونی زانیاری لە سەر شێوەی ژیان و رەخساندنی هەل و مەرجی لەبار بۆ بارهێنانی منداڵان دەرد و ئازارەکانی منداڵان کەم دەبێتەوە و، بە نەمانی ستەم و چەوسانەوەی منداڵان، نەوەی داهاتوو، زەمینەی بۆ فێربوونی زانست و بۆ پێش کەوتن لە بەردەمدا دەبێ و، بە فێر بوونی زانست و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و هوشیاری منداڵان کوردستان بە تایبەت و کۆمەڵگای جیهانی، ئاڵ و گۆڕی ئیجابی و باشی بە سەردا دێ.

بە هومێدی نەمانی ستەم لە سەر منداڵان و دابین بوونی ماف و خواستەکانیان لە کوردستان و ئێران و سەرانسەری جیهاندا.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ رۆژی جیهانی منداڵان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١١ی جۆزەردانی ١٣٨٦

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە